# ڕێزی زێڕ لای زەرەنگەرە

## "خۆزیا دەیان جەمال نەبەزمان دەبوو"

دەستەڵاتێکی داپڵۆسێنەر و زاڵ، تەنها لەناو گەلانی دەبەنگ و گەمژەدا پەیدا دەبێت.
چونکە گەلێکی هۆشیار هەرگیز ڕێگا بەوە نادات بچەوسێنرێتەوە.
فریدریش نیچە

پۆلا سەعید
22.06.04

www.kurdistannet.org
KURDISTAN NET

لە بەدبەختیی کوردە، کە هەموو ئەو دڵسۆزانەی بە ویژدانەوە بە تەنگ کێشەی نەتەوەی کوردەوە دێن، لە لایەن دەستەڵاتدارانەوە پشتگوێ دەخرێن و لەلایەن دەروێشانی دەستەڵاتەوە بە نەزان و ڕاکردوو و دەپێکرێن. ئاخر ئەوە پیشەی دەستەڵاتێکی زاڵە، کە خەڵکانی بیرمەند و دڵسۆز بە سەرلێشێواو و دێوانە دەزانێت و ناودەبات. لە وڵات دەستەڵاتداران و دەروێشان دەهۆڵی کۆمەڵگای تسیڤیل دەکووتن، بەڵام هێندە چیکڵدانەیان بچووکە، کە بەرگەی ڕەخنەش ناگرن. بۆیە بە پەرۆشەوە دەروێشەکانیان دەکەونە حاڵی جاو و پلار بۆ دڵسۆزانی کورد دەبەن. خۆ ڕەخنەش لە بازنەی کۆمەڵگای تسیڤیلدایە براله ئیدی لۆ دەبێت بەڕێز دکتۆر جەمال نەبەز لۆی نەبێت ڕەخنەی سەردارانی کورد بکات؟ بۆچیی پێتوایە کە مرۆڤ دەبێت تەنها لە وڵاتدا بوونی هەبێت ئەوسا مافی دەربڕیینی بیروڕای هەبێت؟ بۆچیی پێتوایە مافی بەدەستهێنانی سەربەخۆیی خاکی کوردستان تەنها لە ئەستۆی سەردارانی کورددایە؟ ئەزییزم

خۆ كوردستان بە تەنها موڵكی سەردارانی كورد نییە، جێگەی سەرسوورِمانە هەموو ئەو دڵسۆزانەی كە لە ئەوروپاوە بۆ ئازادیی كوردستان سووتاون و تێدەكۆشن هیچیان خاوەنی تاكە مەترێك زەویی نین لە كوردستان دا، بەڵام چ سەرداران و چ دەروێشان بە دڵنیاییەوە خاوەنی سەدان و هەزاران مەتر زەویین. ئیمرۆ رِێكەوتی 22.06.04 لە وڵاتی ئەڵمانیادا سەرۆك وەزیرانی هەرێمی "بایەرن" "ئیدمۆن شتۆیبەر"راپێچكرا بۆ بەردەمی دادگا، بۆ رِێژەی دوو ملیۆن ئۆیرۆ كە لە گەمەی نێوان پارتی كریستە سۆسیالیستەكان و كریستە دیموكراتەكانەوە بە بێ باجدان لووشدراوە. لە كوردستان دا دەیان ساڵە موڵك و پارەی كورد لووشدەدرێت كەسێك بە سەردارانی كوردی نەگووت بەری چاوتان كلی پێوەیە. لەشكری پاسدار هەتا سەرهەیبەت سوڵتان بەرێكەوت كەسێك بە سەردارانی كوردی نەگووت بۆ؟ لەشكری بەعس هەتا سلێمانیی بە دەهۆڵ و زوورِنای كاكەوە هات، كەسێك بە سەردارانی كوردی نەگووت لۆ؟ بە پێچەوانەوە هەتا ئێستاش خەڵكیی نەفامی كورد، دەروێش ئاسا دەفی سەری خۆیانیان لۆ دەژەنن. پارتی سۆسیال دیموكراتی ئەڵمانیی لە میانەی ئەم دوو ساڵەی فەرمانرِەواییی دا، كە ئابووریی وڵاتی بەشێوەیەك خراپكرد، كە لە هیچ سەردەمێكدا ئابووریی وڵاتی ئەڵمانیا هێندە خراپ نەبووە. كاتێك هەڵبژاردن بۆ پەرلەمانیی ئەورووپیی كرا، رِێژەی لە سەدا بیست و یەكیان هێنا، كە لە دوای رِووخانی دەستەڵاتی نازییەكانی ئەڵمانیاوە هەتا ئێستا سۆسیال دیموكراتی ئەڵمانیی هێندە شكست نەبووە. كەچیی لە كوردستان سەرەرِای ئەم هەمووماڵوێرانیییەی بەسەر كورددا هاتووە و دێت، دەروێشانی دەستەڵاتداران بە چەپڵە و گوڵەوە دەنگ دەدەن بە دەستەڵاتێكی زاڵ و خاوەن تاوان. هەرچەندە لە دوای رِاپەرِیینەوە تەنها جارێك لە باشووری كوردستان دا هەڵبژاردن كراوە، ئەمەش لە پرینسیپەكانی دیموكراسیی و كۆمەڵگای تسیڤیلدا نییە، هەربۆیە كاتێك لایەنەكان ماوەی دەستەڵاتدارێتییان ئێكسپایەر دەبێت ئیدی خۆیان خۆیان هەڵدەبژێرنەوە. هەروەك چۆن لەوەتەی هەین سكرتێری پارتە كوردیییەكان هەرهەمان ئەو كەسانەن، كە بە دەیان ساڵ بەرلەئێستا بینیوومانن، ئەوان ماتماتیكانە رِێژەی نەگۆرِن، ئەمەش كارێكی خۆرِسكە و بوونیەتێكی سروشتیی‌یە كەس بۆی نییە بەرەو گۆرِانی بەرێت. مەگەر مردن كورسیییەكانیان لەژێردا رِابكێشێت، دەنا لە هەموو كات و سەردەمەكاندا خۆیانن. كە ئێمەی كورد باس لە كۆمەڵگای تسیڤیل و دیموكراسیی دەكەین، دەبێت بە كردەوە بیسەلمێنین كە خاوەنی هۆرِمۆنین بۆ تسیڤیلیزاتسیۆن و بۆ دیموكراسیی نەگ بە رِووكەشێكی كارتۆنیی. خۆزیا دەستەڵاتداران رِێگایان بۆ دوو بیرمەندی وەك دكتۆر جەمال نەبەز خۆشدەكرد بۆ رِابەرایەتیی بە دڵنیاییەوە ئاكاری كورد بە دوارِۆژێكی تر دەگەیشت. لە دیدی مندا دكتۆر جەمال نەبەز دیستۆڤیسكیی‌یەكی كوردە، لەو نامەیەشیدا كە بۆ سەردارانی كوردی نووسیووە، بێجگە لە دڵسۆزیی بۆ كورد

هیچی دیکەی تری تێدا نابینرێت. بەڵام هەرگیز دەروێشێک درک بەوە ناکات کە ڕێزی زێڕ لای زەرەنگەرە.

www.kurdistannet.org